## عەلمانیەکان نانی (قاعیدە) دەخۆن و ئیسلامیەکانیش نانی گەندەڵی.. مەریوان نەقشبەندی



مەبەستم لە عەلمانی و ئیسلامی (حزب و گروپەکانە)، کە ئێستا هەریەکەیان بە مەنهەج و سیاسەتێکەوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و کورسی حوکمرانی هەموو رێگایەك دەگرنەبەر بە (خۆتەقاندنەوەشەوە)، جیاوازی نێوان ئیسلامی و عەلمانیەت لەرۆژئاوا ئێجگار گەورەیە و رەنگە بڵێین دووئاراستەی پێچەوانەن، بەڵام لەرۆژهەڵات و بەتایبەتیش رۆژهەڵاتی ناوەراستتدا ئیسلامی و عەلمانی لەسەر یەك رێرەو دەرۆن بەڵام بە دوو هێڵی هاوتەریب و بەرەو یەك ئامانج کە ئەویش گەیشتن بە دەسەڵات و لوتکەی حوکمرانییە...

لەم رێگایەدا عەلمانیەکان تەنها لەسەر خەونی ئەزموونی رۆژئاوا هەنگاو دەنێن و تارادەیەکیش توانیویانە ئەوەی نوێی کۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەکان لەخشتەبەرن و تا رادەیەکیش شەری ئیسلامیەکانیان پێبکەن بەجۆرێك هەرچی ناوی ئاین و عەقیدە بێت بە کۆنەپەرستی و دکتاتۆریەت و چەقبەستوی پیشان دەدەن، بەڵام لەکاتی مومارەسەکردنی دەسەڵاتتدا دەبینین تەنگژەکان، کێشەکان، ناعەدالەتی، گەندەڵی ئیداری و دارایی و سیاسی ئەوەندە زۆرن کە خەڵکی تەمەنای مەرگیش دەکات نەك ئەو پاشاگەردانیە، ئەم راستیەشمان لەدوای راپەرینی ١٩٩١ ی خەڵکی باشووری کوردستان و لەتورکیا و لەمیسر و بەم دواییەش لە هەڵبژاردنی فەلەستیندا هەستپێکرد کە چۆن بێسەروبەری حزب و لایەنە عەلمانیەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی گروپ و حزبی ئیسلامی و تارادەیەکی بەرچاویش جێگا و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگاکاندا کردووە و ئێستاشی لەگەڵدابێت لەچەندین وڵاتدا کێبرکێی دەسەڵات دەکەن و زۆر بەئاسانی توانیویانە هەستی ئاینی و بەرنامەی ئیسلام بکەنە وەسیلەیەك بۆ ختوکەدانی خەڵکی هەژار و زوڵملێکراو کەژمارەیان ئێجگار زۆرە و دەتوانین بڵێین لەکۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکاندا زۆرینەن. بەڵام ئەزموونی بزوتنەوەی تالیبان و هێرشەکانی ١١ ی سیپتیمبەر و هێرشە خۆکوژیەکان لەسەرتاسەری جیهاندا کە بە دەسکیسە یان بە پشتبەستن بە بەرنامەی سیاسی رێکخراوی تیرۆرستی (القاعیدە) ئەنجام دەدرێت، زۆربەی ئەو کەسانەی لە ئیسلامیەکان و تارادەیەکیش لە (ئیسلام) دوورخستەوە و کار گەیشتە ئەوەی هەندێك لەموسڵمانانی نیشتەجێی وڵاتانی رۆژئاوا بەشەرمەوە موسڵمانیەتی خۆیان بەدیاربخەن، رێکخراوی قاعیدە و توندرۆیی ئیسلامی وەك هێڵێکی سوور بۆ سەرجەم موسڵمانانی جیهان کێشرا و کاتێك لەناعەدالەتی ئەم تێروانینە پرسیار لە ئەمریکی و ئەوروپیەکان دەکەیت پێت دەڵێن (راستە هەموو موسڵمانەکان تیرۆرست نین بەڵام هەموو تیرۆرستەخۆکوژەکان موسڵمان بوون).

ئیسلامیەکان تارادەیەکی باش سوودیان لە کێشەو ململانێی نێوان حزبە عەلمانیەکان و گەندەڵی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا عەلمانیەکانی رۆژهەڵات وەرگرت، لێرەدا لەسەر وەتەری عەقیدە و دادپەروەریی و نەهێشتنی گەندەڵی مۆسیقا دەژەنن و لەگەڵ گەیشتن

بەدەسەڵات' یان باشتروایە بڵێین (بۆ مانەوەیان لەدەسەڵاتتدا) لەگەڵ شەیتانیشدا دەبنە هاوپەیمان و ئەوكاتەش بەدیار دەكەوێت، بەكارهێنانی ئاینی ئیسلام تەنها وەسیلەیەك بووە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ئەگینا لەپیادەكردنی هونەری سیاسەتدا هیچ جیاوازیەكیان لەگەڵ حزبە عەلمانیەكاندا نییە و ئەوكاتەش وەك حزبی عەدالە و تەنمیەی توركیا ناچار دەبن بەدۆستایەتی ئیسرائیل بارە لاسەنگبووەكەیان راست بكەنەوە و چاوەڕێی سەرهەڵدانی پارتێكی عەلمانی دیكە بكەن كە لەگەڵ دەسەڵاتەكەیدا گەندەڵیەكەی بیكاتە عیبرەت و سەرلەنوی حزب و گروپە ئیسلامیەكان بهێنێتەوە ناو مەیدانی كێبرکێی سیاسی و موعادەلەی كورسی وەرگرتن لەپەرلەمان و ئەگەر كرا لە حكومەتیشدا.

ئیسلامیەكان وەك عەلمانیەكان گرەو لەسەر لاوازیی رۆشنبیریی دەسەڵاتی كۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەكان دەكەن، بەڵام جیاوازیەكە لە ئالیەتی ممارەسەكردنی ئەو بەرنامە سیاسیەیە كە هەریەك لە ئیسلامی و عەلمانیەكان دەیگرنەبەر، لێرەدا عەلمانیەكان گرەو لەسەر ئوسولیەتی ئیسلامی و هەڵوێستی رێكخراوی قاعیدە و نەبوونی بەرنامەی گەشەكردنی مرۆیی لەلای ئیسلامیەكان دەكەن و ئیسلامیەكانیش لەسەر گەندەڵی و كەم ئەزموونی سستمی عەلمانیەت لە كۆمەڵگا رۆژهەڵاتیەكاندا...